# من دڵم خوێنی لێدەتکێ چونکە کوردەکان ناسنامەی شارەکەم دەشێوێنن

**فایەق سەعید**

هەرگیز ئەوەم پێ خۆش نیە لەم رۆژە مەزنەدا برینەکانت بکۆڵێنمەوە. هەرگیز نامەوێ تامی ئەو ئازادییە مەزنە لەدەمتا بکەم بە ژەهری مار. نامەوێ لە ئێستاوە بێ ئومێدی سەراپای لەشت دابگرێ و لە خۆشت بێزار ببی. پێم خۆش نیە بڕوات بە سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەق ببێ و پێت وابێت ئەوان ناتوانن ئاواتەکانی تۆ بەدەست بێنن. حەز دەکەم تا دەتوانی خۆشی لەو ئازادییە وەربگری و پێی مەست ببی. من دەمەوێ بەیەکەوە لەو شاییەدا بەشدار ببین کە 35 ساڵە چاوەڕوانیی دەکەین و بەیەکەوە خوێنمان بۆ رشتووە. تا دەتوانی تۆ بەو خۆشییە مەست ببە، بەڵام هاوڕێم زویر مەبە من ناتوانم بەشداریت بکەم چونکە لە ئێستاوە سەراپا لەشم سڕ بووە و ناتوانم بەردەوام ببم. کاتێ دەبینم ناسنامەی شارەکەم لەلایەن سەرکردەی کوردەوە دەشێوێنرێ و بەڕێوەبردنەکەی دەدرێتە دەست کەسانی تر من دڵم خوێی لێدەتکێ.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا سەرجەمی رۆژنامە و بڵاوکراوە ناحیزبییەکاندا خۆیان لە بڵاوکردنەوەی وتارە رەخنەییەکان دوور خستۆتە. ئەم کارەش یا ئەوەتا لەبەر ئەوەیە کە نووسەرەکان وازیان لەو جۆرە پەیامە هێناوە چونکە کاتی ئەوە نیە یا ئەوەتا خودی ئەو بڵاوکراوانە پێییان وایە کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە نووسینانە لەم هەڵ و مەرجەدا خزمەت بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ناگەیەنێ و نایان ئەوەێ جەماوەر لە خۆشی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە بێبەش بکەن.

هۆکارەکان هەر چییەك بن دەبێ ئەو راستیە بزانین کە ئەمڕۆ لەهەموو کاتێکی دی زیاتر پێویستمان بەنووسینی رەخنەگرانە هەیە و رەخنەگرتنیش هەرگیز بەرژەوەندییەکانمان ناخەنە مەترسییەوە. من پێم وایە بۆ داڕشتنی بڕیاری سیاسی پێویستمان بەهەموو بیروبۆچوونێکی رۆشنبیرانە دەبێ و پێویستە رۆژنامە ئازادەکان رۆڵێکی باڵا لەم بوارەدا بگێڕن.

یەکێك لەو پرس و گرفتە هەر تەوەرییانەی ئەوڕۆکە هەمووومان بیری لێدەکەینەوە پرسی شاری کەرکووکە. کۆبوونەوەکانی لەندەن و سەلاحەددین شتێکی ئەوەندە گرنگیان لەبارەی کەرکووکەوە پێنەبوو. ناسنامەی راستەقینەی کەرکوك لەو کۆبوونەوانەدا پشتگوێ خراو ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم شارە تا ئازادکردنی عیراق بێ وەڵام مانەوە. هێشتا یەك هەفتە بەسەر راپەڕینی بێوێنەی ئەو شارەدا تێپەڕ نەبووە، هێزەکانی پێشمەرگە زۆر بە خێرایی لێی کشانەوە. ئەم کشانەوەیە لەلایەکەوە لە خزمەتی ئامانجی دوژمنانی ئێمەدا بوو و لەلایەکی تریشەوە خەڵکی خۆڕاگری ئەو شارەی بێئومێد کرد. چەندین ساڵە پێشمەرگەی کورد خەباتی بیوچان دەکات و جەماوەری ئاسایی ئەو شارە تەحەمولی هەزارەها مەینەتییان کردووە تەنها لەبەر ئەوەی ئەو شارە چۆڵ نەکەن و ناسنامەی کوردی ئەو شارە وەکو شاری موسڵ نەسڕێتەوە.

خەبات لەپێناوی کوردیبوونی کەرکوك و دانەبڕانی ئەو شارە لە کوردستان پانتاییەکی گەورەی لە خەباتی ئێمەدا گرتۆتەوە. رووداوەکان زۆر خێرا دەروون و پێویستییان بە هەنگاوی مۆدێرن و زرینگی سەرکردەی سیاسی کورد هەیە. ئەگەر بێت و ئەو هەنگاوانە پڕ بەپێستی قۆناغەکە نەبن ئەوە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ باس لە کوردستانی بوونی کەرکوك و لە کوردستانێکی ئازاد بکەین.

لێکدانەوەی ئەو رووداوانەی کە تا ئەمڕۆ بوونەتە سەنگی مەحەك شتێکی دیکەمان پێدەڵێن. من نامەوێ پێش رووداوەکان بکەوم چونکە ئەگەرچی ئێمە میللەتین بەڵام تاوەکو ئێستاش سەرکردەی سیاسی ناوەڕۆکی ئەو رێکەوتنانەی بۆ باس نەکرووین کە ئەوان لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا مۆریان کردووە. بەڵام دووبارەبوونەوەی هەندێ پەیام زەنگێکی سەیر لێدەدەن. کشانەوەی پێشمەرگە لە یەکێك لە پیرۆزترین شارەکانی کورد کە هەمیشە ببووە پێوەر بۆ خەباتی ئێمە لە باشوری کوردستاندا، کارێکی پڕ مەترسیە. لێرەدا رەنگە هەڕەشەکانی تورکیا بەهەند وەربگیرێن و سەرکردەی سیاسی کورد خۆی بەناچار بزانێ بۆ مانەوەیان لە شارێکی کوردیدا پرس بە تورکیا بکەن. ئەگەرچی ئەو کشانەوەیە بۆ من وەکو رۆشنبیرێك جێگای پرسیارە بەڵام ئەگەر ئەم کارە بەناچاری کرا و لەژێر فشاری تورکیا و وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا کرا ئەوە دەبێ لە هەنگاوەکان داهاتوودا قەرەبوو بکرێتەوە.

بەواتایەکی تر بۆ لەگەڵ کشانەوەی پێشمەرگە لە بەشێکی گرینگی کوردستان ئیدارەی شارەکە دابەش بکرێت. کۆبوونەوەی مام جەلال لەگەڵ سەرەك عەشیرەت و کەسایەتیە عەرەب و تورکمانەکاندا زیاتر لە ئەنجامێکی

خراپیان لێدەکەوێتەوە و پەیامێکی نادروست بە خەڵکی کورد دەدا. لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا ئیدارەیەکی مەدەنی 21 کەسی دامەزرا. ئەو ئیدارەیە بریتی بوو لە 7 کورد و 7 عەرەب و 7 تورکمان. سەرکردەی کورد هەمیشە لە خەمی عیراق دایە تا خەمی کورد. داوای دیموکراسی بۆ عیراق دەکات و کەچی ئیدارەیەکی مەدەنی بەو شێوە نادیموکراتییە لە کەرکووك دادەمەزرێنێ. ئەگەر ئەو ئیدارەیە بەپێی پرنسیپەکانی دیموکراتی بوایە دەبوو هەر نەتەوە و بەپێی ژمارە و رێژەی خۆی نمایندەی لەو ئیدارەیەدا هەبوایە. بەردەوام بوون لەسەر ئەم شێوە کارە مزگێنییەکی تاڵ بە جەماوەری کەرکووك و خەڵکی کورد دەبەخشێ. بۆ ( 66% ی ئیدارەی شارێکی کوردستان کە خۆیان شەو و رۆژ بانگەشەی کوردیبوونی بۆ دەکەن، بخرێتە دەستی نەتەوەکانی ترەوە. جەماوەری کرکووك و کورد بەهیچ شێوەیەك چاوەڕێی ئەوەیان لە هێزی پێشمەرگە و سەرکردەی سیاسی کورد نەدەکرد.

مام جەلال بەشێکی باشی لەقسەکانی بۆ بەرگری کردن لە تورکمان و عەرەبەکان تەرخان کرد. مام جەلال ئەوەشی راگەیاند کە کورد ئەگەرچی 182000 ی ئەنفال کراوە بەڵام هێشتا تورکمانەکان غەدری زۆرتریان لێکراوە و زیاتر چەوسێنراوەتەوە چونکە کورد ئەگەر بەناویش بێت ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەبووە و ئەنجومەنی یاسادانانی هەبووە. من لەوە دڵنیام کە مام جەلال ئەوە باش دەزانێ کە کەس وەکو کورد ئازاری پێنەگەیشتووە. هیچ میللەتێکیش ئەوەندەی کورد قوربانی نەداوە بەڵام شێواندنی راستییەکان تەنها لەبەر ئەوەی دڵی تورکیا رازی بکات کە تەنها بە لەناوچوونی کورد نەبێ رازی نابێ، کارێکی باش نیە. خۆزگە لەو وتەیەیدا بە ئەندازەی بەرگریکردن لە تورکمان و عەرەبەکان بەرگریشی لەکورد بکردایە. ئەو قسانەی سەرەوەی بەداخەوە مانای بروا بوونە بەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی کە نە ئەو و نەمن و نەتۆش بڕوامان پێی نیە. ئیدی بۆ مرۆڤ خۆی بخاتە گێژاوێکەوە کە لەبنەڕەتدا پێویستی پێی نیە و کەسیش زۆری لێنەکردووە باسی بکات.

سیاسەتمەدارەکانی کورد گەشتوونەتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و بە بۆنە و بێ بۆنە باس لەیەکێتی خاکی عیراق دەکەن و ئامادەیی ئەوە دەردەبڕن کە لەپێناوی یەکێتی خاکی عیراقدا ئامادەن واز لە بەشێکی ئەو تاقیکردنەوەیەی ئێستای کوردستانیش بهێنن. تەنانەت عەرەبە شۆڤینیستەکانیش ئەوەندە باس لە یەکێتی خاکی عیراق ناکەن. نازانم بۆ دەبێ ئێمە ئەو یەکێتییە ئەوەندە گرنگ بێت بەلامانەوە. بڕوانە قەسەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبە گەورەکە کە لەکاتی هەر قسەکردن و دیداتێکدا بۆ خوێ چێشتیش بێت دەبێ چەندین جار ئەو شتە دووبارە بکەنەوە. مەترسییەکە لەوەدایە ئەندامە ئاساییەکانیشیان فێری ئەوە کردووە و بەروحی عیراقچێتی پەروەردە کردووە. بۆ نموونە سەورۆکی کۆلیجی سەربازی لەماوەی یەك دەقەدا لە کەناڵی جەزیرە شەش جار باسی یەکێتی خاکی عیراقی کرد. سەیرەکە لەوەدایە هیچ کەسێ باسی ئەوەی نەکردووە و پرسیاری ئەوەی لێیان نەکردووە کەچی چەندین جار ئەو مەسەلەیە دێننە گۆڕێ.

من پێم وایە سەرکردە دەبێ لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا قسە بکات و هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات دڵی میللەتەکەی خۆی رازی بکات نەك دڵی خەڵکی تر. لەهەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی تایبەت و گشتیشدا مام جەلال دەیان جار سوپاسی تورکیا و ئێران و سوریا دەکات. من لەهیچ بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی جیهاندا نەمدیوە مرۆڤ بەشان و باڵی دوژمنە داگیرکەرەکانیدا هەڵ بدات تەنها لەناو کوردا نەبێ.

خاڵێکی دیکە کە نەك لە قسەکانی مام جەلالدا بەڵکو لەقسەی سەرجەمی کادێرە سیاسییەکاندا دووبارە دەبێتەوە ووشەی برایە. برا عەرەبەکان، برا تورکمانەکان. . هتد. ئەم مەسەلەیە ئەوەندە بێتام بووە جاری وا هەیە لەیەك دێڕدا چەندین جار دووبارە دەبێتەوە و لە پێش هەموو عەرەب و تورکمانێکەوە دادەنرێ. ئەم ووشەیە بەعسییەکان بۆ بچووککردنەوەی میللەتی کورد شەو و رۆژ بەکاریان دەهێنا و ئێستاش سەرکردەی کورد (ئەگەر مەبەستیشی نەبێ) بەهەمان مەبەست بەکاری دەبا. من پێم وایە کەس برای کەس نیە، بەڵام دەکرێ هەمووشمان هاوتەبا بین و رێز لەیەکتر بگرین. زۆر میللەت لە جیهاندا هەن کە لەناو بۆتەی یەك وڵاتدا یا چەندین وڵاتدا دەژین، بەڵام کەس بەکەس ناڵێ برا. کەس ناڵێ برا ئەڵمانییەکان، برا فەرەنسیەکان، برا سویدییەکان، برا نەرویجییەکان و. . . هتد. هەرگیز سەرۆکەکانی تورکیا باس لە برایەتی کورد و تورك ناکەن

من پێم وایە دەبێ ئەو وشەیە لەناو کولتووری خۆماندا هەڵبگرین و چیتر خۆمان و خەڵکی تریشی پێ سوك نەکەین. ئێمە تەنها برای کوردین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژومان گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە رێز لەهەموو یەکێکی تریش دەگرین و مافی کەسیش زەوت ناکەین.

ئەو پەیامەی مام جەلال دەبوایە وەکو یەکەم پەیامی ئەو بۆ کوردەکانی کەرکووك زۆر لەوە گرنگتر بوایە و پێی لەسەر کوردبوونی ئەو شارە دابگرتایە، نەك بە پێچەوانەوە. سوور بوون لەسەر کوردستانی بوونی ئەو شارە ئەرکێکی هەنۆکەیی ئەو بوو کە سەرکردە عیراقییەکانی دەخستە بەردەم پرسیارێکی سەختەوە. بەڵام بەداخەوە کەرکووك لەژێر ناونیشانی ئەوەی شاری تەبایی و برایەتییە و تەنها کورد بۆی نییە حوکمی بکات بەڵکو برا

عەرەبەكان و برا توركمانەكان وبرا مەسیحییەكان و. . . نازانم چی دیكەش، مەسەلەی كەركووك پێ دەنێتە قۆناغێكی پڕ لەمەترسییەوە. ئەو قسانە لەكاتێكدا دەكرێ هێزەكانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر شارەكەدا گرتووە و كورد خۆی پاشایە، ئەدی كاتێ احمد الجلبی ببێ بە سەرەك كۆمار چۆن دەكەوێتەوە. چلبی هێشتا لەسەر خاكی كوردستانە دەڵێ " مناڵ ناتوانم بڵێم كەركووك شارێكی كوردییە" ئەدی كە بوو بە سەرەك كۆمار چی دەكات.

قسەكردن و مامەڵەكردنی پرسی كەركووك بەو شێوەیەی تا ئێستا كراوە جا چ لەكاتی كۆبوونەوەكانی لەندەن و سەلاحەددین و چ لە كۆبوونەوەكەی مام جەلالیشدا زەنگی مەترسییەكی گەورەیە و نیشانەی ئەوەیە ك جارێكی تر هەرگیز ناكرێ لەشاری كەركووكدا باس لەدەسەڵاتی كوردی بكەین. ئەو پەیامەی مام جەلال تا بڵێی لاواز بوو و نیشانەیەكی خراپ بوو لەمەڕ راستكردنەوەی ناسنامەی كەركووك.

بیرم دێتەوە هەموو جارێ نەنكم دەیووت" كەركووك شاری ئێمەیە و قەت نابێ بەشاری عەرەب. هەموو دنیاش چۆڵی بكا من قەت چۆڵی ناكەم. گشت كوڕەكانم دەنێرمە لای مام جەلال ببنە پێشمەرگە تا كەركووك ئازاد بكەن و من بۆ خۆم لەیەك بستی خۆش نابم"

نەنكم پیرێژنێكی نەخوێنەواری بەستەزمان بوو كە سەری نە لە سیاسەت و نە لە ناسنامەش دەردەكرد، بەڵام ئەوەی دەزانی كە كەركووك شارێكی كوردییە و هەرگیز نەیدەویست سازشی لەسەر بكات. خۆزگە سەركردەكانی ئێمەش بۆ بەدیهێنانی ئەو پەیامەی نەنكم كاریان بكردایە، چونكە ئەو بەستەزمانە توشی دەیەها دەربەدەری و قسەی رەق و بێ ئابڕوانەی ئەمنەكانی عیراق بوو تەنها لەبەر ئەوەی داكۆكی لەشارەكەی دەكرد. هەموو رۆژێكی بە دەوڵەت رۆژ لێ بەسەر دەچوو چونكە شارەكەی لە دڵیدا هەڵگرتبوو. توشی دەردەسەری و مەینەتی دنیا هات چونكە دەیویست كورد حەكمڕانیی كەركووك بكات. خۆزگە یەكەم پەیامی كورد لەناو شاری كەركووكدا وەكو پەیامەكەی نەنكم دەبوو.

ئەو پەیامەی مام جەلال تا بڵێی گرینگ بوو، بەڵام زیاتر باسی لە برا توركمان و برا عەرەبەكان و برا كلدوئاشورییەكان و. . . براكانی تر كرد تا باسی كوردستانی بوونی ئەو شارە بكات و پەیامێكی روون بداتە هەموو دۆست و دوژمنەكان كە چەندین ساڵە ناسنامەی شارەكەیان وێران كردووە. دەكرا وەكو نەنكم لەیەك بستیشارەكەم خۆش نەبێ و پێ لەسەر ئەوە دابگرێ كە دەبێ كەركووك لەژێر دەستی كوردا بێت، بەڵام رێزیش لەهەموو ئەو كەسانە دەگرین كە تیایدا دەژین.

من هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە بە بێ رێزەوە بڕوانمە بەرێز مام جەلال و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان كە چەندین ساڵە خەبات دەكەن، بەڵام كاتێ ناسنامەی شارەكەم لەسەر دەستی ئەواندا دەشێوێندرێ من دڵم خوێنی لێدەتكێ. تۆش هاوڕێم داوای لێبوردنت لێدەكەم ئەگەر ئەو ئازادییەی 35 ساڵە خەونی پێوە دەبینی لێم تێكدابی. هاوڕێم من ناتوانم بێدەنگ ببم كە هاونیشتمانەكانی خۆم ناسنامەی شارەكەم تێكە بدەن. ئاخر دڵم خوێنی لێدەتكێ.

faiek. saied@skola. huddinge. se

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣